# دەنگی تۆ دێ

**ئەرشەد عاصی**
**لە عەرەبییەوە: سالار محەمەد قادر**

دەنگی تۆ دێ
لەسەر باڵی غمناکی پەپوولان لە ئێوارەدا
وەک عەترێکی سەوز دەپڕژێتە خوێنم
هەڵمدەنێ لە ڕەنگی شینی تاقی خەونەکانم بڕوانم
لە ناخی نائومێدیی عاشقێکی چاوەڕوان لە شەودا
کە لە پێچی سەرە شەقامێ
گەڵا وەریوەکانی دار تووێ دایانپۆشیبێ
شووشە شەرابەکەی بە دەستەوە بێ و
شانی بە دار تووەکەدا دابێ

***

دەنگی تۆ دێ
لە شەوەزەنگی غەیبستاندا
گڕم دەدا فوو لە خۆڵەمێشی ئاهی گەرووگرتەم بکەم
ببمە موسافیرێک
لە پشت پەنجەرەکانی بێدەنگیدا
دوا قۆناغی ئازارەکانم ببڕم و
تاسەکانم وەک باڵندە کۆچەرییەکان
پۆل پۆل بەرەو ئاسۆیەکی دوور هەڵفڕن
بەسەر هەورە تەڕ و تەمینەکان تێپەڕن
بۆنی بسک و کەزییان بپڕژێنن
بگەنە لای ئەستێرەکان و پێیان بڵێم:
شەوق و شەیدای دیدەنی یار ئای کە چەند لەمێژە ونە!
وەختێ کە ئەو لاوەی لەسەر شۆستەکەدا
بە تەنیایی پاڵکەوتووە و
سرتە سرتی دوا خۆکوشتن بە گوێی خۆیدا دەچرپێنێ!
دەمەوێ بە سروە خۆڵەمێشییەکانیش
کە سەر بە ڕەشماڵی ناخم دادەگرن
ڕابگەیەنم:
چاوا لە چاوترووکانێکدا حوزنە کۆچەرییەکان
کە بەرەو سووتماکی تەمەن ڕەو دەکەن
بە چەشەی شاعیرێکی هۆگر بە ڕۆژانی تێکشکاو
وەک ڕەشەبا هەڵدەکەن!
وەختێ کە لە هاویندا



پەڕەسێلکەکان لە شوێنێکی کەسنەدیوڕا دێن و
بە ئاوازی ئازارەوە باوەش بە شاردا دەکەن
***
دەنگی تۆ دێ
دەنگی تۆ کە تۆزی بێهودەییم لێ دادەوەشێنێ
ئەمتومانی لەبیرکراویم لێ دەرەوێنێتەوە
بیرەوەری سووتانێکی سەرمەدی
لە سایپتەی دالآنە نهێنییەکانم تەقەت دەکا
جیکە و جریوەی چۆلەکەکانی هەنسکم
لەسەر چڵی درەختەکانی کۆچدا
کشومات دەکا
لەگەڵ ژوانی هەڵمژینی سروەی بەیان
کە حەژمەتەکانم لە بەندەری فەنابووندا نزیک دەبێتەوە
خۆر بە هەناسە ڕۆشنەکانی
ڕۆژێکی نوێ
لەسەر قەدی درەختەکان دەنووسێتەوە
***
دەنگی تۆ دێ..
وەک سەمفۆنیایەکی سۆزهەڵێنی چنراو بە ناڵین
منیش لە خەمستانە خەستەکەی خۆمدا
لەبەر خۆمەوە ورتە و سرتەم دێ
***
بووەستە ڕۆژگار!
لێگەڕێ با چەهرە سیاکەم هەر لە نێوانی پەنجەکانی
"با"دا بمێنێتەوە
تا جارێکی دیش دان بە سێبەری چامەیەکدا بنێمەوە
لە بۆنی یاسەمین هەڵکێشرا بێ
بە نمی کاردۆنیا داپۆشرا بێ
تاوە بارانێکی نەوێ و ژەنینی چەنگێکی ئێرەی تیابێ
لە بەرکەناری چاوانی نغرۆت لە مەستیدا
دان بەوەدا بنێم کە هێشتا خۆشم دەوێی و
هەرواش دەمێنمەوە

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی زەمانی نێودەوڵەتی - چاپی عێراق، ژمارەی (٥١٩٥)، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٢ کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ ز.**